# حوكمی مەسح كردن لەسەر پێڵاو و قۆندەرە

[ kurdish – كوردی – كردي ]

**دەستەی بەشی زمانی كوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس**

**پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز**

2014 - 1435

IslamHouse.com

# حكم المسح على الحذاء

« باللغة الكردية »

القسم الكردي في موقع إسلام هاوس

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# حوكمی مەسح كردن لەسەر پێڵاو و قۆندەرە

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس كراوە :

**پرسیار** : ئایا وەك چۆن دروستە مەسح لەسەر گۆرەوی بكەیت، دروستە مەسح لەسەر پێڵاو و قۆندەرەیش بكەیت ؟ خوای گەورە پاداشتی خێرتان بداتەوە .

**وەڵام** : سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

ئەگەر مەبەستی پرسیارەكەت ئەوەیە ئایا دروستە مەسح لەسەر ئەو پێڵاوە یان ئەو قۆندەرەیە بكەیت كە بەبێ گۆرەوی لەپاش دەست نوێژگرتن لەپێكراوە، ئەوا بێگومان دروستە مەسحی لەسەر بكەیت بەڵام بەم مەرجانەی خوارەوە :

**یەکەم** / دەبێت ئەو پێڵاوە یان ئەو قۆندەرەیە هەموو ئەو جێگایانە داپۆشێت کە لەکاتی دەست نوێژگرتندا واجبە بشۆررێت، واتا : دەبێت هەموو پێیەکان لەگەڵ قولە پێی یەکاندا داپۆشێت .

**دووەم** / دەبێت لەسەر خاوێنی لەپێ کرابن، واتا : لە پاش دەست نوێژ گرتن لە پێ کرابن .

**سێهەم** / دەبێت ئەو قۆندەرەیە یان ئەو پێڵاوە پاکوخاوێن بن، واتا بەدوور بن لەهەموو جۆرە پیس و پۆخڵییەك، چونکە یەکێك لە مەرجەکانی مەسح کردن لەسەر خوفەکان ئەوەیە دەبێت پاکوخاوێن بن، یان ئەگەر هاتوو لەشتێکی پیسی وەك پێستی بەراز و سەگ دروست کرابن، دیسان دروست نییە مەسحیان لەسەر بکرێت .

**چوارەم** / دەبێت ئەو پێڵاوە بەشێوەیەك بێت کە پێستی پێیەکان بەدەر نەکەون، هەرچەند هەندێك لە زانایان ڕایان وایە دروست مەسح کردن لەسەر خوفێك کە تەنکیش بێت و پێستی پێیەکانیشی لێوە دیار بن .

ئەگەر هاتوو قۆندەرە یان پێڵاو ئەم مەرجانەی تێدا بوو، ئەوا دروستە مەسحیان لەسەر بکرێت، بۆ کەسی موسافر سێ شەو بەڕۆژەکانیەوە مەسحیان لەسەر بکات، وە بۆ کەسی (مقیم ) نیشتەجێ یش شەو و ڕۆژێك بۆی هەیە مەسحیان لەسەر بکات ،

بەڵام ئەگەر هاتوو قۆندەرەکان بەشێوەیەك بوون، کە قولە پێیەکانی دانەدەپۆشی، ئەوا ئەگەر گۆرەویت لەپێ بوو و گۆرەوییەکان قولە پێیەکانی دادەپۆشی و لەسەر پاکوخاوێنی و دەست نوێژ لەپێت کردبوون، ئەوا دروستە قۆندەرەکان دانەکەنیت و مەسحیان لەسەر بکەیت، ئەمەش ڕای پەسەند کراوی شیخ محمد بن صالح العثیمین ە (ڕەحمەتی خوای لێ بێت )، بەڵام لەم حاڵەتەدا دەبێت ئەوە بزانیت کاتێك مەسح لەسەر قۆندەرکان دەکەیت، نابێت دایانکەنیت، چونکە ئەگەر هاتوو دات کەندن دروست نیە جارێکی تر مەسحیان لەسەر بکەیتەوە، ئەگەر هاتوو داتکەندن دەبێت گۆرەوییەکانیش جارێکی تر لە پێ داکەنیتەوە، بۆ ئەوەی بتوانیت جارێکی تر لەسەر دەست نوێژگرتن لەپێیان بکەیتەوە و مەسحیان لەسەر بکەیتەوە لەگەڵ قۆندەرکاندا .

ئەمە ئەگەر وویستت مەسح لەسەر قۆندەرە یان پێڵاوێك بكەیت كە قولە پێیەكان دانەپۆشێت .

بەڵام دەبێت ئەوەش بزانین وەك ئاماژەمان پێدا دروستە بۆ موسڵمان مەسح لەسەر گۆرەویەك بكات كە پێستی قاچی بەدەرەوە نەبێت، ئەگەر هاتوو نیەتی تەنها بۆ مەسح كردن لەسەر گۆرەوویەكان بوو، هەروەك چۆن دروستە مەسح لەسەر قۆندەرەیە یان پێڵاوێكیش بكات كە هەموو قاچ و قولە پێیەكانیشی دابۆشێت ...

هیوادارین وەڵامی بەرێزتمان دابێتەوە ..

خوای گەورەش زاناترە ...